# کاتێک کە هەموومان دووبارە بەکاردەهێنینەوە، هەموومان براوەین

fti FÖRPACKNINGS & TIDNINGS INSAMLINGEN

**هەموو جارێک کە دەتهەوێ هەندێک پاکەت یان ڕۆژنامە دووبارە بەکار بهێنییەوە، ئەمە دەستپێکی** ڕووداوێکی گەورەیە.

سەرەبتڵی کۆن دەتواندرێت بکرێتە پەڕەیەکی ئاسنین بۆ جەستەی ئۆتۆمۆبێلەکان. بۆ وێنە، کارتۆنێکی بەتاڵی تایتی جلشووشتن دەتکرێ بکرێتە کارتۆنێکی نوێی پێڵاو. ڕۆژنامەی دوێنێ دەشێ ببێتە مانشێتی سبەینێ. مادە خامە سرووشتییەکان دووبارە کەڵکیان لێوەربگیرێتەوە و وزەیەکی زۆر پاشەکەوت بکرێت. بە ئەنجامدانی ئەم کارانە، هەمووومان یارمەتیی دروستکردنی جیهانێکی باشتر بۆ ژیان دەدەین.




## دووبارە بەکارهێنانەوە

هەموو ئەو پاکەت و ڕۆژنامانەی کۆکراونەوە دەبردرێن بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە بۆ ئەوەی بکرێنە پاکەتی نوێ یان بەرهەمی نوێ. بۆ وێنە، پاکەتی پلاستیکی دەتواندرێت ببێتە مادەی دروستکردنی فلْچەی شووشتن، گوڵدانی گوڵ و گیا و حەلاگەی پلاستیکی. شووشە و پاکەتی پلاستیکی زۆربەی کاتەکان دەتواندرێت دووبارە بکرێنەوە پاکەت و بتڵ. دەفرە کانزاییەکان دەکرێ ببنە هێڵی شەمەندەفەر و ڕۆژنامە کۆنەکانیش بکرێن بە دەسماڵی چێشتخانە یان کاغەزی ڕۆژنامەی نوێیان لێدرووست کرێتەوە.

## بەرپرسیارێتیی بەرهەمهێنەر

لە سوید ڕێسایەکامن هەیە پێی دەکوترێت بەرپرسیارێتیی بەرهەمهێنەر. ئەویش بەو مانایەیە کە ئەو کۆمپانیایانەی پاکەت یان ڕۆژنامە دروست دەکەن یان دەفرۆشن، لە کۆکردنەوە و دووبارە بەکارهێنانەوەی بەرهەمەکانیان بەرپرسیارن. لە فۆرپەکینگس-ئۆخ تیدنینگس ئینگسملینگەن FTI ،(Förpacknings- och Tidningsinsamlingen)، ئێمە لە لایەن ئەم کۆمپانیایانەوە کار دەکەین. ئێمە دەمانهەوێت دووبارە بەکارهێنانەوە بۆ ئێوە ئاسان بکەینەوە و هاوکات قازانجە ژینگەییەکانی دووبارە بەکارهێنانەوەیش تا بەرزترین ئاست ببەینە سەرێ. بەڵام بۆ سەرکەوتن لەم کارەدا پێویستیمان بە هاوکاریی ئێوەیە.

## ناوەندەکانی دووبارە بەکارهێنانەوە

FTI بەرپرسیاریی هەموو ناوەندەکانی دووبارە بەکارهێنانەوەی بێستافە لە سویددا. ئەم ناوەندانە بریتین لەو شوێنانەی کە دەبێت ڕۆژنامە و پاکەتە پلاستیکی، کاغەزی، کانزایی و شووشەییەکان تێدا دووبارە بەکار بهێندرێنەوە. گەر لە بینایەکدا دەژی کە ناوەندی گشتیی دووبارە بەکارهێنانەوەی لێیە، دەبێ پاکەتەکان و ڕۆژنامەکانت ڕادەستی ئەوێ بکەی.

## زانیاریی زیاتر

لە **www.ftiab.se/**hitta-atervinningsstation تۆ دەتوانی نزیکترین ناوەندی دووبارە بەکارهێنانەوە ببینییەوە و پاشان کاتێک بەتاڵ کرا و خاوێن کرایەوە، بیپشکنی. هەروەها دەشتوانی ڕێنمایی پەیوەست بە جیاکردنەوە، ڤیدیۆی دووبارە بەکارهێنانەوە، بیرۆکە و پێشنیارە جۆراجۆرەکان، لە گەڵ زانیاریی پەیوەست بە ڕێکخراوەکەی ئێمە، لێرە وەدەست بهێنی.

گەر هەر پرسیارێکی پەیوەست بە دووبارە بەکارهێنانەوەی ڕۆژنامەکان و پاکەتەکان هەیە، تکایە پەیوەندیی بە ئێمەوە بکە لە ڕێگەی **kontakt@ftiab.se** یان لە ڕێگەی ئەم ژمارە یە **0200 88 03 11** تەلەفۆنمان بۆ بکە. بۆ پرسیارکردن سەبارەت بە پاشماوە گەورەکان، کمپۆست، پاشماوە کارەباییەکان یان پرسەکانی پەیوەست بە پاشماوەکانی دیکە، تکایە پەیوەندیی بە بەرپرسانی خۆجێیی بکە و یانیش لە ماڵپەڕی **www.sopor.nu** زیاتر بخوێنەوە.

# جیاکردنەوەی زیاتر

بۆ ئەوەی بتوانین زیاترین پاشماوە دووبارە بەکار بهێنینەوە، پێویستیمان بە یارمەتیی تۆ هەیە. پاکەتەکان دەبێت بە تەواوی وشک و بەتاڵ. ئەگەر پاکەتەکانتان لە زیاتر لە یەک مادە درووست کراوە، دەبێ بە پێی ئەو مادەیەی کە زیاترین کێشی پاکەتەکە پێک دەهێنێت، جیایان کەنەوە. سپاس.



## پاکەتی نایلۆنی

بۆ نموونە: بتڵ، قووتوو، پاکەتە نایلۆنییەکان، پاکەتەکانی پرکردنەوە، تەشتە نایلۆنییەکان، کیسەی چپس و ستیرووفووم.

- ✓ سەرپۆش و دەرگاکان هەڵگرە. کیسەکان و پاکەتەکان جۆراجۆرەکان خاڵی بکە و هەر کامیان لە پاکەتیی جیاواز بهاوێ. بەم شێوەیە دواتر قۆناغەکانی دووبارە بەکارهێنانەوە ئاسانتر دەبێت.
- ✗ بەرهەمە نایلۆنییەکان کە مادەی پاکەتکراو نین، وەکوو پاشماوەی گەورە یان کەلوپەکی ماڵێ فڕێ دەدرێن، بۆ نموونە مۆبل و کەرستەی یاریکردنی منداڵان. بتڵەکانی چەند جار بەکارهێنان دەبێ بگەڕێندرێنەوە بۆ فرۆشگاکان.



## پاکەتی کاغەزی

بۆ نموونە: پاکەتی پەستا، پاکەتی شیر و خۆشاو، پاکەتە کاغەزییە دەستییەکان، پاکەتی پێڵاو، کلێنسی ئاودەست و پاکەتی کاغەز دیواری.

- ✓ ڕێکی بکە و بینووشتێنەوە. پاکەتە بچووکەکان بخە ناو پاکەتە گەورەکانەوە بۆ ئەوەی شوێنێکی کەمتر بگرێ.
- ✗ نووشتاندنەوەکاندەبێ بە پێی بە پێی ئەوەی کە پاشماوەی ماڵەوەن یان ئەو پاشماوانەن کە دەکرێ گڕ بگرن، جیا بکرێنەوە. ڕۆژنامەکان، برووشوورەکان و شتی لەم سێوەیە لە ناو دەفری کاغەزیدا ڕۆژنامەدا جێدەگرن.



## پاکەتی کانزایی

بۆ نموونە: قووتوو، قوتووی بەتاڵی سپرای، لوولە، کەپسی بتڵ، سەرپۆشی بتڵی قووتوو و ڕەنگی وشک.

- ✓ لێوارە تیژەکان بەرەو ناوەوەی قووتووەکە لار بکەوە. دەرگا/سەرپۆشی لوولەکان بە کراوەیی بهێڵنەوە.
- ✗ قووتووبەهەڵگری ڕەنگ و چەسپ دەبێ وەکوو پاشماوەی مەترسیدار جیابکرێنەوە. کانزا گران بەهاکان، بەشەکانی لوولە کێشان، تاوەی خواردن دروستکردن و ئەو بەرهەمانەی دیکە کە پاکەتیی نین، دەبێت وەک پاشماوەی گەورە یان ماڵی جیا بکرێنەوە. بتڵەکانی چەندجار بەکارهێنان دەبێ بگەڕێندرێنەوە بۆ فرۆشگایەک.



## پاکەتی شووشەیی

بۆ نموونە: بتڵ و خومرەی دروستکراو لە شووشەی ڕەنگدار یان بێڕەنگ.

- ✓ دەرگا، سەرپۆش و تەپەدۆر هەڵبگرە و بە پێی مادەی دروستکراو جیایان کەوە. پاکەتی شووشەیی ڕەنگدار و بێڕەنگ لە دەفرە پەیوەندیدارەکان دابنێ.
- ✗ بتڵەکانی چەندجار بەکارهێنان دەبێ بگەڕێندرێنەوە بۆ فرۆشگایەک. چینی، سەرامیک و بەرهەمەکانی دیکە کە بەشێک نین لە مادە پاکەتکراوەکان، دەبێ وەکوو پاشماوەی گەورە یان ماڵێ جیا بکرێنەوە. گڵۆپی ئاسایی و شیری زۆر جار لە ناوەندەکانی دووبارە بەکارهێنانەوەی شۆڕاوا فڕێ دەدرێن.



## ڕۆژنامە

بۆ نموونە: ڕۆژنامە ڕۆژانە و هەفتەییەکان، گۆڤارەکان، کاتالۆگەکان، فۆرمەکانی پروپاگەندە، پەڕاو و کاغەزەکانی نووسین/نیگارکێشان.

- ✓ بەرگە نایلۆنییەکان و وێنەکانی پروپاگەندەیان لێ جیا بکەوە.
- ✗ پاکەتو کتێبیبەرگ سەخت دەبێت وەکوو پاشماوەی ماڵەوە یان ئەو پاشماوانەی دەتوانن گڕ بگرن، جیا بکرێنەوە. کیسەی کاغەزی دەستی، پاکەتی کاغەزی و شتوومەکە هاوشێوەکان دەبێت لە دەفری تایبەتی پاکەتی کاغەزیدا دابندرێن.

fti